تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە
# خەبات
XEBAT
رۆژنامەیەکی سیاسیی رۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە
ژمارە (5253) چوارشەممە 20ی نیسان2017 «16» لاپەڕە «500» دینار

سەرۆکی هەرێمی کوردستان جەژنی چارشەمبا سۆر لە کوردانی ئێزیدی پیرۆز دەکات

# سەرۆک بارزانی: بە گیانفیدایی پێشمەرگە تیرۆریستانی داعش باجی تاوانەکانیدا و سەری کەوتە ژێر پێی ئێزیدییەکان

بەبۆنەی هاتنەوەی جەژنی سەری ساڵی ئێزیدییەکان، جەژنی چارشەمبا سۆر، بەڕێز مسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەیاننامەیەکی پیرۆزبایی بڵاوکردەوە و ئەمەش دەقی بەیاننامەکەیە:

بەبۆنەی هاتنەوەی جەژنی سەری ساڵی ئێزیدی، جەژنی چارشەمبا سۆر، پیرۆزباییەکی گەرم لە سەرجەم خوشک و برایانی کوردی ئێزیدی لە کوردستان و جیهان دەکەم.

کوردانی ئێزیدی بەشێکی ئازیز و دانەبڕاوی گەلی کوردستانن. خۆشی و نەهامەتییەکانی ئەوان خۆشی و نەهامەتیی گەلی کوردستانە. بە درێژایی مێژوو خوشک و برا ئێزیدییەکانمان بەهۆی ناسنامەی ئایینی و نەتەوەییان تووشی کارەسات هاتوونە، بەڵام پابەندبوونیان بە ناسنامەی کوردایەتی و ئاینییان هەموو پیلان و ستەمێکی لەدژی ئەوان پووچەڵکردووەتەوە.

سوپاس بۆ خودا بە گیانفیدایی پێشمەرگە تیرۆریستانی داعش تێکشکێندران و داعش باجی تاوانەکانیدا و سەری کەوتە ژێر پێی ئێزیدییەکان و چیتر نابێ رێگە بدرێت هیچ کارەسات و نەهامەتییەکی تر دەرهەق خوشک و برا ئێزیدییەکانمان دووبارە ببێتەوە. لە جەژنی سەری ساڵی ئێزدیدا ئەوە دووپاتدەکەینەوە کە گەلی کوردستان پاڵپشتی ئێزیدییەکانە و رێگەیش نادرێت هیچ لایەنێک خۆی بەسەریاندا بسەپێنێت و بڕیاردان لە چارەنووس و داهاتوویان تەنیا لە دەستی خودی ئێزیدییەکاندا دەبێت.

**مسعود بارزانی**
**18ی 4ی 2017**

## سەرۆکی هەرێمی کوردستان پیرۆزبایی سەرکەوتنی ریفراندۆم لە سەرۆککۆمار و سەرۆکوەزیرانی تورکیا دەکات



دوای بەڕێوەچوونی پرۆسەی ریفراندۆم لە 16ی 4ی 2017 لەسەر دەستووری تورکیا بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە دوو پەیامی جیاوازدا پیرۆزبایی سەرکەوتنی پرۆسەی ریفراندۆمی لە هەر یەکە لە رەجەب تەییب ئەردۆغان سەرۆککۆمار و بینالی یلدرم سەرۆکوەزیرانی تورکیا کرد.

## کورد دژی وەرگرتنی پۆستی سەرۆکایەتی هاوپەیمانی نیشتمانییە لە لایەن مالیکییەوە

لەبەر هەڵوێستەکانی دژ بەکورد و هەرێمی کوردستان، فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لەگەڵ ئەوە نییە کە نوری مالیکی سەرۆکوەزیرانی پێشووی عێراق و سەرۆکی لیستی دەوڵەتی یاسا پۆستی سەرۆکایەتی هاوپەیمانی نیشتمانی عێراقی وەربگرێت، وەک چەند رۆژێکە کە ئەو دەنگۆیە بڵاوبۆتەوە کە ناوبراو لە 1ی تەمووزی داهاتوو دوای کۆتاییهاتنی خولەکەی عەمار حەکیم، پۆستەکە وەربگرێت.

ئەشواق جاف، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە پەرلەمانی عێراق، لە بارەی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ هاوپەیمانی نیشتمانی و ئەو دەنگۆیەی سەبارەت بە وەرگرتنی پۆستی سەرۆکایەتی هاوپەیمانی نیشتمانی لەلایەن مالیکیەوە بە خەباتی راگەیاند کە لەو کاتەوەی عەمار حەکیم، سەرۆکایەتی هاوپەیمانێتییەکەی وەرگرتووە بە وتارێکی میانڕەوانەوە مامەڵە دەکات و هەوڵیشیداوە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ لایەنەکانی دیکە باش بکات .

سەبارەت بەوەش کە رەنگە نووری مالیکی، پۆستەکەی عەمار حەکیم وەربگرێت، گوتی ئەمە جێگای دڵخۆشی ئێمە نییە ، چونکە ئەو کەسە لە کاتێکدا سەرۆکی هاوپەیمانێتییەکەش نەبوو، بەڵام ژێراوژێر و لە پشت پەردەوە کاریگەری لەسەر زۆرێک لە بڕیارەکان بووە، بەتایبەتیش ئەو بڕیارانەی کە دژ بە گەلی کورد و هەرێمی کوردستان بوونە . ئەشواق جاف گوتیشی: مەسەلەی دیاریکردنی سەرۆک بۆ هاوپەیمانی نیشتمانی شیعەکان، پرسێکی نێوخۆیی هاوپەیمانێتییەکەیە، بەڵام گەر نووری مالیکی سەرۆکایەتی وەربگرێت، ئەوە رەنگە پەیوەندیی نێوان لایەنەکان ئاڵۆزی تێبکەوێت، گوتیشی ئێمە وەکو کورد ئەزموونمان لەگەڵ مالیکی هەیە، کاتێک سەرۆکی حکوومەت بوو، نەک هەر لایەنە ناوخۆییەکان و پێکهاتەکان لە ناو عێراق ، بگرە لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ و وڵاتانی جیهانیش پەیوەندییەکانی ئاڵۆزکرد .

## دووەم بۆڕی بۆ هەناردەکردنی نەوتی هەرێم بۆ تورکیا رادەکێشرێت



2

# نیویۆرک تایمز: پێنج وڵاتی عەرەبی دابەش دەبن و دەوڵەتی کوردستانیش دروست دەبێت

بەپێی لێکۆڵینەوەیەک کە لە رۆژنامەی نیویۆرک تایمزی ئەمەریکی بڵاوبۆتەوە پێنج وڵاتی عەرەبی هەڵدەوەشێنەوە و هاوکات دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستانیش دەکەوێتە سەر نەخشەی سیاسیی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست. بەپێی ئەو لێکۆڵینەوەیە هەر پێنج وڵاتی عێراق، سووریا ، سعودیە ، یەمەن و لیبیا هەڵدەوەشێنەوە و 14 وڵاتی نوێیان لێ دروست دەبێت و نەخشە نوێیەکە وێنەی سنوورەکانی دەوڵەتی کوردستانیشی کێشاوە، کە ئەگەر هەیە لە هەردوو بەشی باشوور و رۆژئاوای کوردستان دروستبکرێت. دابەشبوون و جیابوونەوەکان لەو پێنج وڵاتە، هەروەک لە لێکۆڵینەوەکەی نیویۆرک تایمزدا هاتووە: بەو شێوەیەیە کە عێراق دەکرێتە- دەوڵەتی کوردستان لە باکوور کە دەتوانرێت لەگەڵ کوردستانی سووریا یەک بگرێت. سوننەستان لە نێوەڕاست، دەتوانرێ لەگەڵ سوننەستانی سووریا یەک بگرێت. هاوکات شیعەستان لە باشووری عێراق پێکدەهێنرێت . سەبارەت بە سووریاش راپۆرتەکەی ئەو رۆژنامە ئەمەریکیە دەڵێت: دەوڵەتی کوردستان لە باکووری سووریا دروستدەبێت و دەتوانرێت لەگەڵ کوردستانی عێراق یەک بگرێت. هاوکات عەلەویستان لە رۆژئاوای سووریا و سوننەستانیش لە باشوور و رۆژهەڵات کە دەتوانرێت لەگەڵ سوننەستانی عێراق یەک بگرێت. لەبارەی سعودیەش راپۆرتەکە نوسیوویەتی دەوڵەتێک لە باکووری رۆژئاوا و دەوڵەتێک لە رۆژئاوا لە شارە پیرۆزەکانی مەککە و مەدینە پێکدێت. دەوڵەتێک لە باشووری رۆژئاوا و دەوڵەتی وەهابیستان گەورەترین دەوڵەتی دروستبوو لە سعودیە دەبێت و دەکەوێتە ناوەڕاست. هەروەها دەوڵەتی دەممام کە دەکەوێتە رۆژهەڵاتی سعودیە و دانیشتووانەکەی زۆرینە شیعەمەزهەب دەبن. سەبارەت بەیەمەنیش دەگەڕێتەوە قۆناغی پێش یەکگرتنەوەی هەردوو یەمەن لە ساڵی 1990 واتە یەمەنی باکوور، پایتەختەکەی سەنعا دەبێت و- یەمەنی باشوور، پایتەختەکەی عەدەن دەبێت. راپۆرتەکە لەبارەی لیبیاش نووسیویەتی دەگەڕێتەوە سەردەمی رۆمانی واتە هەرێمی تریپۆلیتانا لە باکووری رۆژئاوا و هەرێمی سیریناکیا لە رۆژهەڵات وهەرێمی فازان لە باشووری رۆژئاوا.

# ئەمەریکا دوو لیوای دیکەی پێشمەرگە پڕ چەک دەکات



ئەمینداری گشتی وەزارەتی پێشمەرگە فەریق جەبار یاوەر رایگەیاندووە کە ئەوان وەک وەزارەتی پێشمەرگە مانگانە بەپێی لێکتێگەیشتنی نێوان وەزارەتی بەرگری ئەمەریکا و وەزارەتی پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان مووچەی 36 هەزار پێشمەرگە لە لایەن ئەمەریکاوە دابیندەکرێت. گوتیشی: ئەمەریکا بە نیازە دوو لیوای دیکەی پێشمەرگە پڕ چەک بکات. هەر لە درێژەی قسەکانیدا جەبار یاوەر گوتیشی: هیچ فەرمانێک نەهاتووە بۆ دروستکردنی هێزی چەکدار بۆ هیچ حزب و لایەنێک.

ئەمەش لە کاتێکدایە کە لە رابردوودا ئەمەریکا بۆ رووبەڕووبوونەوەی چەکدارانی داعش هاوکاری پێشمەرگەی کردووە لە بۆردوومانی ئاسمانی و دابینکردنی چەک و تەقەمەنی و هاوکات مەشقپێکردنی چەند لیوایەکی پێشمەرگە بۆ رووبەڕووبوونەوەی چەکدارانی داعش، هاوکات رێککەوتنێکی نێوان وەزارەتی پێشمەرگە و وەزارەتی بەرگری ئەمەریکاش هەیە بۆ هاوکاریکردنی هێزەکانی پێشمەرگە.

## سەرۆک هۆزێکی عەرەب داوای دەرکردنی حەشدی شەعبی لە خورماتوو دەکات

شێخ سائیر ئەلبەیاتی، نوێنەری سەرۆکهۆزە عەرەبەکانی خورماتوو، بە خەباتی راگەیاند میلیشیاکانی حەشدی شەعبی، جارێکی دیکە لە خورماتوو دەستیان کردووەتەوە بە کردەوەی توندوتیژی، وەک کوشتن و رفاندن و هەڵکوتانە سەر ماڵی هاووڵاتییانی پێکهاتەکانی عەرەب و کورد و تورکمانی سوننەی ئەو شارۆچکەیە و هاوکات رەخنەی توندیشی لە دەزگا ئەمنیەکانی خورماتوو گرت سەبارەت بەوەی کە سنوورێک بۆ ئەو کردەوانە دانانێن، هەروەها گوتی کە ئێستا ئەو ملیشیایانە خەڵک دەرفێنن و دواتر لە بەرامبەر بڕە پارەیەکی زۆر ئازادیان دەکەن، نوێنەری سەرۆکهۆزە عەرەبەکانی خورماتوو هاوکات رەخنەی توندیشی لە دەزگا ئەمنیەکانی خورماتوو گرت سەبارەت بەوەی کە سنوورێک بۆ ئەو کردەوانە دانانێن ، بەتایبەت پۆلیس کە وەک ئەو گوتی ناتوانێت لە بەرامبەر رەفتارەکانی چەکدارانی حەشدی شەعبی، بووەستێت و بەرپەرچیان بدەنەوە . شێخ سائیر بەیاتی گوتیشی داواکارین لە هێزەکانی پێشمەرگە و هێزەکانی هاوپەیمانان، دەستبەجێ بگەنە ناوەندی شارۆچکەی خورماتوو بۆ پاراستنی سەر و ماڵی هاووڵاتیان و بڕیاری دەرکردنی چەکدارانی ملیشیاکانی حەشدی شەعبی لە خورماتوو بدرێت، لەبەر ئەوەی هاووڵاتیانیان هەراسان کردووەو خەڵک لێیان بێزارە .



5

## سەرکەوتنی داستانی کۆڕێ و ئەزمەر سەری بە رژێمی بەعس دانواند